# ناسیۆنالێزمی سیڤیل (مه ده نی)

به شی یه که م

نووسه ر : حه مید ره زا جه لایی پوور
وه رگێڕ : ڕێناس جاف

بابه تی سه ره کی و باس باسی ناسیۆنالێزمی کوردییه و ناسیۆنالیزمی ترکی، به لووچی و عه ره بی ناگرێته وه .
ئه م بابه ت و باسه ش ، چوار به شان ده گرێته وه .
یه که م : ئایا ناسیۆنالێزمی کوردی له مێژووی هاوچه رخی ئێرانا به تایبه ت له شه ش ده یه ی ڕابوردوودا، یارمه تی پرۆسه ی دیمۆکراسی له ئێران داوه ؟
وه رامی ئه م پرسیاره ، دیاره لای من ، نایه .
به ڕای من یه ک له ده ره نجامه کانی نادڵخوازی ناسیۆنالێزمی کوردی، به هێز کردنی ده سته ڵاتی حکومه تی ناوه ندی له ئێرانا بووه . ته نانه ت ناسیۆنالێزمی کوردی له خول و ده وره کانی (1320-1324) و (1357-1361) هه تاوی دا له شانۆ و گۆڕه پانی سیاسی دا وه ک بزاڤێکی جڤاکی خۆی ده رخست به لام هیچ کامه یان نه یارمه تی پرۆسه ی دیمۆکراسییان له ئێرانا دا ، نه بوونه مایه ی لاچوون و نه مانی هه لاواردنی قه ومی و نه ش کۆمه کێکی کرده پێشخستنی ناوچه کانی کوردنشین .
یه ک له هۆکانی پشت به ستنی حکومه تی پاله وی به ده سته ڵاتی سه ربازی و ڕووکردنه سیاسه تی سه ربازیگه ری، ئه وه بوو که لای وا بوو گه ر سوپا، ژه ندرمه و ساواک( ده زگای ئه منی حکومه تی شا) له ناوچه کانی کوردنشیندا به هێز نه بن ، ئه زموونی دامه زرانی کۆماری کوردستان که له لایه ن ڕووسه کانه وه لاگری لێوه ده کرا ، دووپات ئه بێته وه و ئێران ئه بێته ئێرانستان، واته وڵات پارچه پارچه ئه بێت.
کۆماری ئیسلامیش پاش به ده سته ڵات گه یشتن ،کاتێ ده گه ڵ داخوازی ئۆتۆنۆمی ناسیۆنالێسته کورده کان ئه ویش به شێوه ی چه کدارانه به ره و ڕوو بوو ، له هیچ هه ولێک بۆ به هێزکردنی سوپا و هێزی خۆ، درێخی نه کرد، چونکه لای وا بوو گه ر ده سته ڵاتی حکومه تی ناوه ندی له

ناوچه سنوورییه کانا، تووشی کزی و سستی و
بێ ده سته ڵاتی بێت، دیسانه وه " قه یرانی کوردستان"
بۆ زه بر وه شاندن له ئێران و حکومه تی کۆماری ئیسلامی،
سه ر هه ڵئه دا .
ئه مه ی له به رچی ناسیۆناڵیزمی کوردی له شێوه
ئێرانییه که یدا ، یارمه تی پرۆسه ی دێمۆکراسی نه دا گه لێ
هۆ و هه گه ری هه یه .
یه ک له و هۆیانه ئه وه یه ناسیۆناڵیسته کورده کان ، وره و
توانای خۆ له سه رچاوه یێکه وه وه ده س ده خه ن که
ناسیۆناڵیسته کانی پێته خت نشین ، ده سته ڵاتێکی بانتر
له وه یان بۆ وه ده س خستنی هه مان وره هه یه .
ئه مه ڕاسه ورووژاندنی هه ست و نه ستی هاوبه شی کوردان،
به پاڵ پشتی ڕه نج و ژانی هاوبه ش ، زمانی هاوبه ش،
مه زه وی هاوبه ش ، وره ی ناسیۆناڵیسته کورده کان
به رز ئه کاته وه  به ڵام ئه وان بێ ئاگا له و گرینگه ن که
له هه مبه ر ئه واندا ناسیۆناڵیسته کانی پێته خت نشینیش
به توانستی فره تر و بانتره وه ده کارن ، هه ستی
جه ماوه ری ئێرانییه کان به پاڵ پشتی ژیاره کانی به شکۆی
پێشووی ئێران ، زمانی کۆنی فارسی و له ڕێی مه زه وه وه ،
بورووژێنن و له هه مبه ردا ناسیۆناڵیزمی کوردی، کپ و کز
بکه ن . هه روه ک چلۆن له خول و ده وره کانی
ئاماژه پێکراودا، به و ده رده یان برد.
به واتایێکی دی و به شێوه یێکی ته کنیکی تر و به زوانێکی
پسپۆڕانه تر، له ئێرانا نه له نێو ناسیۆناڵیزمی قه ومی و نه ش
له نێو خودی ناسیۆناڵیزمی ئێرانی یه وه (مه به ست
ناسیۆناڵیزمی فارسی و کۆن که له سه رده می پاله وی دا
بره وی هه بوو و ناسیۆناڵیزمی فارسی مه زه و خواز
که پاش شۆڕش سه ری هه ڵدا)، داری دێمۆکراسی ئێرانی
به ر ناگرێ به ڵکو ته نێ له چوارچێوه ی پێبه نبوونی
حکومه ت و شارومه ندانی ئێرانی به ناسیۆناڵیزمی ئێرانی
ئه ویش له چه شنی " مه ده نی " یه تی که هه ل بۆ
به هێزبوونی پرۆسه ی دێمۆکراسی ده ڕه خسێ .
ناسیۆناڵیزمی مه ده نی به مانای بڕوا به نه ته وه و میلله ته ،
به ڵام بڕوا به چه شنێکی تایبه ت له میلله ت .

مه به ست له میلله ت ئه و شارومه ندانه یه که له ژێر
سێبه ری حکومه تی ناوه ندی دا ، که کۆڵه که و بنه ماکانی
بۆخۆ ده س نیشانیان ده که ن ، ده  بنه خودانی مافی
به رانبه ر و یه کسان.
بڕوا به وا میلله ت و نه ته وه یێک یانێ ناسیۆناڵیزمی
مه ده نی و وا باوه ڕێک ، به ستێن خۆشکه ر و
پێش مه رجه بۆ دێمۆکراسی .
ناسیۆناڵیزمی مه ده نی به واتای بڕوا به میلله تی کورد
یان فارس یاخۆ ترک نییه به ڵکو بڕوا به شارومه ندی
به رانبه ر و یه کسانی ئێرانییه ( به هه ر ڕه نگ، زمان،
خه ڵک و مه زه  ویک) .
دووه م : هه تا بێره ئێمه زێتر له سه ر ئاسه وا ر و
شوێنهاته کانی نه رێنی و سه لبی ناسیۆناڵیزمی قه ومی
به سه ر دێمۆکراسی دا جه ختمان کرد،
ئێسته ش مه سه له که له باری ئه و ستراتژییانه ی که
ناسیۆناڵیسته کورده کان به درێژایی شه ش ده یه ی
ڕابوردوو له پێشیان گرتووه ، ده کارین زێتر لێکی بده ینه وه و درێژه به
شرۆڤه ی بابه ته که مان بده ین .
ئه ز لێره دا سێ ستراتژییان که ده ره نجامی هه ر سێکیانیش
هه تا هه نووکه بۆ کوردان ، بێ ده سکه وت بوونه ،
لێک ده ده مه وه .
یه که م : ستراتژی دامه زراندنی ده وڵه تی سه ربه خۆی
کوردییه . به گوێره ی ئه و ستراتژییه ، کورده کان
میلله تێکی بێ ده وڵه تن که بۆ ڕزگاری له و هه ڵاواردن و
سته مه ی له لایه ن عه ڕه ب، ترک و فارسه کانه وه
لێیان ده چێ ، ده بێ ده وڵه تێکی سه ربه خۆ دامه زرێنن.
باوه کوو ئه م ستراتژییه لای کورده کانی ترکیا  خودان
مێژینه یێکی کۆنه به ڵام له ئێرانیشدا ساڵی 1319 هه تاوی
کۆمه ڵه ی ژێ- کاف ، خه و نی به وه دی هاتنی هه مان
ستراتژییه وه ده بینی و هێشتاش له نێو  کوردان دا
هه نه که سانێک ده وڵه تی سه ربه خۆی کورد به تاقه ڕێگه ی  ڕزگاری خۆ داده نێن
.
گه ر ئه م ستراتژییه  شی بکه ینه وه ، ده کرێ بێژین
زێتر له ئه فسانه یێک ده چێ . چونکه بۆ هاتنه دی، لانی که م

دوومه رجان ، پێویسته : یه که م : ڕووخان و نه مانی
حکومه ته کانی ترکیا، ئێراق، ئێران و ئه وی دیکه شیان
لاگری هه مه لایه نه ی کۆمه ڵه ی جیهانی له وا ده وڵه تێکی
سه ربه خۆ ی کوردی .
ئه و دوومه رجه ی به درێژایی ئه م سه ده دواییه ، ڕه نگ و
به رامه ی حه قیقه تی به خۆوه نه دیوه و ته نانه ت
هه لی زێڕین و ناوازه ی سه ره تای سه ده ی بیسته میش،
نه بووه مایه ی هاتنه دی وا ده وڵه تێکی سه ربه خۆ له
کوردستانی ترکیادا.
له سه ره تای سه ده ی بیسته میشدا دوا به دوای
ڕووخانی ئیمپراتۆریه تی عوسمانی له ترکیای ئێستا ، ورده
به ڵێنی پێک هێنانی ده وڵه تێکی کوردی ، به
ناسیۆناڵیسته کانی کوردی ترکیا درا و له نێو په یمانی
نێو نه ته وه یی " سیڤر" یش (treaty of sevres) جه ختی
له سه ر کرا بوو به ڵام ده وڵه تی ترک قه ت گوێی به
وا په یمان و به ڵێنێ نه دا و هیچ کامه له ده وڵه ته کانی
سه رکه وتووی ڕۆژاواییش ئه و به ڵێنه یان به هه ره قه تی
نه گرت . هه ڵبه ت ناسیۆناڵیسته کورده کان بۆ پاسای
ئه و شکسته ده بێژن هۆی سه ره کی نه هاتنه دی ده وڵه تی
سه ربه خۆی کورد، هه بوونی ناکۆکی و دووبه ره کی
له نێوان کورداندا بووه(واته کورده کان بوونه گرووپ،
عه شیره ت، چین و توێژ، مه زه و و زاراوه ی دژ به یه ک) و
ده وڵه ته کانی عه ڕه ب، ترک و ئێرانیش له و ناکۆکی و
دووبه ره کییانه به زیانی ده وڵه تێکی سه ربه خۆی کورد،
ئه وپه ڕی که ڵکیان وه رگرتووه و نهاش هه ر هه مان
ده سکه وتی بۆیان هه یه .
ئه وه له حاڵێک دایه له نێو هه موو گه ل و میلله تێک دا
ئه و چه شنه ناکۆکییانه به رچاو ده که ون ، به هه ڵکه وتیش
ده وڵه ت و گه لانیش له کاردانه وه له حاند هێزی دژه
ناوه ند( بۆ نموونه داخواز بۆ دانانی ده وڵه تی سه ربه خۆ)
ئه و هه له زێڕینه یان ده س ده که وێ که بێ وه رامدانه وه
به داوا و داخوازه کانی دیمۆکراتیکی شارومه ندانی خۆ،
به شێوه ی کاتی ، ناکۆکییه کانی نێوخۆیی وه لا نێن و
بکه ونه پته وکردنه وه ی ده سته ڵاتی حکومه تی ناوه ندی.

ستراتژی دووه م " ئۆتۆنۆمی" یه .
ناسیۆنالیسته كانی كورد له هه ل و مه رجێک دا هه ستیان
به توانا وبه هێز بوون ده كرد ، به ره وانی و دیفاعیان له
ئۆتۆنۆمی سیاسی ده كرد كه چی هه ر كاتێ ئه وه یان
له خۆدا نه دیبا یان ده سته لاتێكی كه متریان هه بووه
باسی ئۆتۆنۆمی چاندییان هێناوه ته گۆرێ هه تا به شكو
رۆژێک به ستێن بۆ ئۆتۆنۆمی سیاسی یان ته نانه ت
دانانی حكومه تی سه ربه خۆ پێک بێت).
وه دی هاتنی ئه و ستراتژییه ش لانی كه م دوو كۆسپی
سه ره كی له به رده مه .
یه كه میان : ده وله تی ناوه ندی بۆ خۆ ، پال پشته كه ی ناسیۆنالیزمێكی ته واو دژ
به پارچه پارچه بوونه ، جا بۆیه
نایه وێ هیچ چه شنه ماف و ئیمتیازێک له بواری ئۆتۆنۆمی دا
بدات.
دووه م : ئه زموونه كه ی دی ئه گه رێته وه بۆ كوردستانی
ئێراق( باشووری كوردستان) .
بۆ نموونه كورده كان له ئێراقدا پاش خه باتێكی دوور و درێژ و
به پال پشتی شه ری پارتیزانی له سالی 1970 زایینی ، به
ئۆتۆنۆمی و خودموختاری گه یشتن به لام ده گه ل گه لێ گرفتی وه ک دیاریكردنی
سنوور و حه شیمه ت له به رانبه ر
عه ره به كانا به ره و روو بوون و ئه و ئۆتۆنۆمییه ش
نه هاته دی .
گه ر داژدارانی كۆمه له ی ژێ- كاف هه تا به ر له تێكه لبوون
له نێو حیزبی دیمۆكراتی كوردستانا( سالی 1324 هه تاوی)
بۆ وه ده س خستنی مافی سیاسی كوردان ، پشتیان به
خه باتی چاندی، ئاشتیخوازانه و نه پندی ده به ست ،
ناسیۆنالیسته كورده كان پێش و پاش شۆرشی ئێران ،
روویان كرده شه ری پارتیزانی . هه ر بۆیه گرتنه به ری
شێوه ی خه بات و شه ری پارتیزانی له به رامبه ر
ده وله ته كانی ناوه ندی دا كه هه مه چه شنه چه كێكی
مۆدێرن و ده زگاییكی پێشكه وته ی بۆرۆكراتیكیان هه یه،
له هه له كانی دی ئه و ناسیۆنالیسته كوردانه بوو.
له شه ری پارتیزانی دا ره نگه چه ن جاران سووكه
سه ركه وتنێ وه ده س بخه ی و بتوانی به ینێ كووره ی

خه باتی کوردی ، گه رم ڕاگری به لاٌم گرتنه به ری
وا شیٌوه یٌیک سه رباری ئه وه ی ناسیوٌنالیٌسته کورده کانی
تووشی شکست کرد، خه سار و زیانیکٌی قورسی ئینسانیشی
بوٌ گه لی کورد له دوو بوو .
نموونه کانی ئه و شکست و هه ره س و نسکوٌ و
چه رمه سه رییانه ی کوردان له کوردستانی ئیرٌان
(ڕوٌژهه لاٌتی کوردستان) له سالاٌنی پاش شوٌڕشی ئیرٌان و
له کوردستانی ئیرٌاق له سالاٌنی 1975، 1988-1998 و1991زایینی
جوان خوٌ ده ر ده خه ن .

ستراتژی سیٌیه م : خه بات و هه ولٌ بوٌ گه یشتن به
" سیسته میٌکی فیدرالیٌ" یه .

به گویٌره ی ئه و ستراتژییه ئیرٌان ولاٌتیکٌه به چه ن قه وم و
ئه تنیکه وه . جا بوٌیه ریکٌار و چاره سه ری بوٌ کیشٌه ی
قه ومیه ت به لای ناسیوٌنالیٌسته کانی قه ومییه وه ،
پیکٌ هیٌنانی سیسته میکٌی فیدرالیٌیه . به و مانا که هه ر قه وم و
ئه تنیکیٌک به دانانی حکومه تیکٌ ، به شیکٌی سیسته می
حکومه تی ئیرٌان پیکٌ بیٌنیٌ . لاگرانی فیدرالیٌزم بوٌ
پشت ڕاسکردنه وه ی وته کانیان ، هیٌما به م خالٌه ده که ن که
هه تا سه ده ی 19زایینی ئیرٌان ته واو به شیٌوه ی فیدراتیو
(یان ولاٌتیکٌ بریتی له سه رزه وی و هه ریٌمی پاریزٌراو)
کار وباری به ڕیٌوه ده بردرا.
سووربوون له سه ر ئه م ستراتژییه زیٌتر پاش شه ڕه که ی
ئیرٌاق- کویٌت ، له لایه ن کورده کانه وه هیٌنرایه ئاراوه .
چونکه دوای ئه و شه ڕه، ناوچه کانی کوردنشینی ئیرٌاق
که له لایه ن ئه مریکییه کانه وه ( له هه مبه ر په لاماری
ئاسمانی حکومه تی به عسی ئیرٌاقدا) کرانه ناوچه ی دژه فڕین و کورده کان
ئوٌتوٌنوٌمی یه کی نیوه چلٌیان وه ده س خست.
هه لٌبه ت پاش هیٌرشه که ی ئه مریکا بوٌ سه ر ئیرٌاق
له خاکه لیٌوه ی سالٌی 1382 هه تاوی و ڕووخانی حکومه تی
به عسی ئیرٌاق، دانانی سیسته می فیدرالٌ بوو به یه کیٌ
له داخوازه کانی کوردانی ئیرٌاق و له لایه ن ناسیوٌنالیٌسته کانی
کوردی ئیرٌانیشه وه لیرٌه و له ویٌ به شیٌوه ی نافه رمی
هیٌنرایه ئاراوه . بوٌ نموونه حیزبی دیموٌکراتی کوردستان
له دواجڤینی خوٌدا له جیاتی جه خت له سه ر دروشمی

ئۆتۆنۆمی، پێی له سه ر فیدراڵیزم بۆ ئێران  داگرت .
ستراتژی فیدراڵیزمیش  ، لانی که م چوار کۆسپی له سه ر
ڕێیه .
یه که میان : ڕه وشی ئێران وه ک وڵاتی ئێراق نییه .
ئه و هه ست به نائومێدییه ی کورده کان له به رامبه ر
عه ره ب و ترک دا هه یانه ، له حاند ئێرانییه کان وانین
چونکه کورده کان بۆ خۆ ئێرانین.
ڕاستیت ده وێ ئێراق وڵاتێکه له باری قه ومی و مه زه بییه وه
ده کرێ به سێ پار و دیاره ئه و یه کپارچه ییه نیوه چڵه ی
ئێرانیشی نییه بۆیه له وێ ڕه نگه مه سه له ی فیدراتیو
بکه وێته به ر باس لای عه ره به کانی سوننه ، شیعه و
کورده کان به ڵام ته نانه ت هه ر ئه و مه سه له ش له و
وڵاته دا بابه تێک نییه به هاسانی له سه ری ڕێک بکه ون و
به سانایی بێته دی . باوه کو حکومه تی ناوه ندی ئێراق
ڕووخاوه و ماوه ی 10 ساڵێکه کورده کان  خاوه نی
چه شنه ئۆتۆنۆمی یه کن به ڵام  عه ره به کانی سوننه ،
ده وڵه تی به روه ختی ئێراق، ده وڵه تی ترک و
عه ره به کانی شیعه ، به توندی دژ به سیسته می فیدراڵین و
لام وا نییه  زل هێزه کانی دونیاش له و گۆڕه پانه دا
پشت بکه نه ترک و عه ره به کان.
له و ه ش گه ڕێین کێشه ی سه ره کی له سه رسیسته می
فیدراڵی له ئێراقدا کاتێ ده س پێ ده کات که بیانه وێ
جێ وه جێی بکه ن . ئه و ده مه کێشه و ناکۆکی توند له سه ر
خاک و حه شیمه تی هه ر ناوچه یێکی فیدراتیو ، ده س پێ
ده کات و  گرنگ ترین مه سه له ش له و نێوانه دا
دیاریکردنی چاره نووسی ناوچه و باژێری نه وت خێزی
که رکووکه که ڕه نگه هه ر سووکه هه ڵه و خه تایێک،
شه ڕێکی توند و قورسی نێو شاری لێ بکه وێته وه .
به ڵام گرفت یان کۆسپی دووه م ئه وه یه که ئه زموونی
فیدراڵیزم بۆ ئه و یه که  سیاسییانه ی به ده سکه وت بووه
که له چه ن حکومه تێک که پێشتره بوونه، پێک هاتووه.
بۆ نموونه ئه زموونی یه که کانی فیدراڵی ئه ڵمان یان یه کێتی
نێوان ویلایه ته کانی ئه مریکای باکوور له ژێر سایه ی
حکومه تی فیدراڵی ئه مریکادا. ئه وه له حاڵێکدایه وڵاتێکی

وه ک ئێران به مێژینه ی حکومه تی 2500 ساڵه ، ڕاستیت
گه ره که بۆ سیسته می فیدراڵی ناشێ.
سێیه م : ده زگای ئیداری حکومه ت له ئێران ئه رچی
به ده س گه لێ که م و کورییه وه ده ناڵێنێ به لاّم
هه ر ئه م سیسته مه یه ک له ده سکه وته کانی مۆدێرنیته ی
ئێرانییه . ئه مه ڕه وا نییه له به ر ئه وه ی ده زگاو
ناوه نده کانی مه ده نی و پارته سیاسییه کان و چاپه مه نی و
مێدیای سه ربه خۆ له ئێرانا ده سته لاّتێکی کزیان هه یه،
ده بێ له جیاتی به هێز کردنی وان ، حکومه ت و ده زگا و
ناوه نده کانی حکومی بده ینه به ر تیر و توانج به ڵکو
ده بێ گۆڕانێ به سه ر ئه م سیسته مه دا بێنین و چاکسازی
تیا بکه ین نه ک بیکه ینه چه ن که رته وه و پاشان هه موان
بکه ینه سیسته مێکی فیدراڵی و نێوی دیمۆکراسی له سه ر
دانێین!
چواره م : له حاڵێک دا 60 ساڵێ به سه ر ستراتژی
ئۆتۆنۆمی قه ومی له ئێرانا تێده په ڕێ و هه تا به ئێستاش
هه م بۆ کوردان و هه میش بۆ دیمۆکراسی ئێران ،
بێ ده سکه وت بووه، ئه ی چلۆن ده کرێ گه ش بین و
دڵخۆش به ستراتژی فیدراڵیزم بین.
که وابوو که وتنه دووی فیدراڵیزم ، گه لێ فره تر له
ستراتژی ئۆتۆنۆمی، خه ون ئامێزتر و ناواقیع خوازانه تر
ده نوێنێ.

په یڤێک: وه رگێڕ له گه ڵ هیچ جۆره بۆچوونێکی نووسه ردا
کۆک و هاوڕا نییه و ئه م سووکه هه وڵه ته نێ
مه به سته که ی ڕاچڵه کاندنی ڕووناکبیران و سیاسیکارانی
کورده و به س. پێویسته ئاماژه به و خاڵه ش بکرێ
ئه م نووسینه چه ن بابه تی ڕه خنه ییشی له سه ر
نووسراوه ، هه ولّمه ئه وانیش بخه مه پێش چاوان.

Renas caf@yahoo.com